

# دژیەتی ڕەهەندی خەیاڵ و هێما

## لە شیعرەکانی سوارەدا

عبدلله لطیف پور
لەفارسییەوە: باران

سوارەی ئیلخانیزادە یەکێکە لە پێشەنگانی شیعری هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێگەی سوارە لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەراوەردەدەکەن بە پێگەی (نیما یوشیج) لە شیعری نوێی فارسیدا، هەرچەند بێگومان شێواز و ڕێژەی ئەو گۆڕانکارییەی ئەم شاعیرە کوردە لە شیعری کوردیدا کردی، بەراوەردناکرێت بەو گۆانکارییە بەربڵاوە زمانی و بەیانی و فیکرییەی (نیما یوشیج) کردی، بەڵام سەرەڕای ئەمانە ناتوانین دەوری سوارە لە گۆڕینی فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرچاونەگرین. یەکێک لە شیعرە هەرە جوان و ڕۆمانسییەکانی سوارە شیعری «شارە».

**گوڵم**

**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**

**دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**

**ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم**

**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم**

**لە دەردی ئینتزارەکەت**

**وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هارە هاڕی ئەو....**

لەم شیعرە نوستالژیکەدا شاعیری نائومێد لە کەشی وشک و ڕووگرژ و تووڕەی شار، بەئاواتی ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی. لە شار و ساردی و نامیهرەبانی و فێڵبازی و ساختەکاریی خەڵکەکەی ماندووبووە و تاقە ڕێگای دەربازبوونی خۆی لەم کێشانە، لە گەڕانەوە بۆ لادێ _ کە هەڵبەت بە جۆرێک لە جۆرەکان گەڕانەوەشە بۆ نەریتەکان_ دەبینێت.

ئەگەرچی ڕخنەی سوارە لە پەیوەندییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای نوێ، ڕخنەیەکی جوان و بەجێیە، بەڵام کۆمەڵێک خەڵک ئەو شێوازەی ڕووبەڕووبوونەی ئەویان لەگەڵ بابەتە سەرەکییەکە و ڕێکارەکەی کە هەڵاتنە لە شار و گەڕانەوەیە بۆ گوند بە شیاو نازانن.

نائومێدبوون لە شارو تینوویەتیی گەڕانەوە بۆ کەشی سادە و ساکاری لادێ، نەتەنیا لە شیعری سوارەدا، بەڵکو لە شیعری زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخی تردا بۆ نموونە لە شیعری نیما و شاملوشدا دەبینرێت. نیما سەبارەت بەم تامەزرۆییە ئاوها دەنووسێت:

**« پس از پنجاهي و اندي زعمر نالە بر مى آيدم از هر رگى**

**كاش بودم باز دور از مردمان چادرى و گوسفندي و سگى »**

**«لەپاش پەنجا و چەند ساڵێکی عومرم**

**دەناڵێنێ لەشم دەمار بە دەمار**

**خۆزگە دوور دەبووم لە چارەی خەڵکی شار»**

**ڕەشماڵێکم دەوێ و مەڕێک و سەگێک**

لاکانی دەروونناس و فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێت» گەشەی دەروونی بابەت سێ قۆناغی( خەیاڵی، ئاوێنەیی و هێمایی) لەخۆدەگرێت. قۆناغی خەیاڵی لە کاتی لەدایکبوونی منداڵەوە دەستپێدەکات، تا تەمەنی شەش مانگی. لەم تەمەنەدا منداڵی تازە لەدایکبوو، هیچ وێنایەکی تەواوی سەبارەت بە خۆی نییە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێشتا نەچووەتە قۆناغی فێربوونی قسەکردنەوە، کەشی دەوروبەری خۆی لەسەر بنەمای ئیماژەکان دەناسێت. منداڵ لەم تەمەنەدا بەرەبەرە لەوە تێدەگات کە مانەوەی ئەو لە ژیان پەیوەندی بە چاودێرییەکانی دایکیەوە هەیە.

قۆناغی دووهەم قۆناغی ئاوێنەییە. قۆناغی ئاوێنەیی کاتێك دەستپێدەکات، کە تواناکانی کۆرپەی بێ زمان لە تەمەنی 6 بۆ 18 مانگی دەرئەکەون، تەنانەت پێش ئەوەی بتوانێ قسەبکات و کۆنترۆڵی جوڵە و تواناکانی خۆی بکات. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە منداڵ دەیەوێت لە ئاوێنەدا خۆی ببینێ، یان لە هەڵسوکەوتەکانیدا خۆی تاقیبکاتەوە، بێگومان ئەم ناسینە پرسێکی بەڵگە

نەویست نییە، چونکە منداڵ دەبێت وێنەی خۆی هەم لە خۆیدا (ڕەنگدانەوەی خۆی) و هەم لە کەسێکی دیکەدا (تەنها یەك ڕەنگدانەوە) ببینێت. وێنەکانی منداڵ لەگەڵ خۆیدا تەواو وەکو یەك نییە، گەشەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی قسەکردن بە تەواوی پەیوەستە بەم ناسینەوە و پەیدابوون، یان پێگەیشتنی (خود) کە ناوەندی هۆشیارییە، هەمان ئەو ناسینەیە. لەم قۆناغەدا منداڵ تاڕادەیەک هەست بە تواناکانی خۆی دەکات، بەڵام هێشتاش هەر هەست بە بۆشاییەک دەکات.

قۆناغی سێهەم قۆناغی هێمایە. قۆناغی «هێمایی» ئەو قۆناغەیە کە منداڵ تێیدا فێری قسەکردن دەبێت. لەم قۆناغەدا نەست دروستدەبێت. ڕۆڵ و سەرنجی باوک دێتە ناو دنیای منداڵەوە. ئەگەرچی ڕەهەندی هێمایی دەتوانێت ڕەهەندی جیابوونەوە لە دایک و سەربەخۆبوونی منداڵ بێت، بەڵام بە بڕوای لاکان لەبەر هەندێ هۆکار ئەم سەربەخۆییە سەرناگرێت و گەیشتن بە بوونێکی جیا لە کەسانی تر بۆ مرۆڤ دژوارە. لەم قۆناغەدا ئەگەرچێ منداڵ دەبێتە بوونەوەرێکی سەربەخۆ و جیاواز لە کەسانی دەور و بەر بەتایبەت دایکی، بەڵام خواستی منداڵ هێشتا یەکگرتنەوە لەگەڵ دایکی و هەستکردن بەو ئارامی و چێژانەیە کە لە باوەشی ئەودا دەستی دەکەوت.

لە شیعری «شار»ی سوارەی ئیلخانیزادەشدا هێما و وشەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان تینوویەتی مرۆڤ بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغی خەیاڵیمان پیشاندەدەن. «گوند» لەم دەقەدا ڕەنگە بیرهێنانەوەی باوەشی دایک یان «ئوبژە»یەکی بچوکتر، یانی هەموو ئەو شتانەی یاد و بیرەوەری دایک زیندوودەکەنەوە بێت. لە کۆمەڵگای توندوتیژی شاردا کە هەموان پێکەوە غەریبە و نامۆن، هیچ دەستێک گەرمای دەستی دایکی نییە.

**(دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە دەیگوشم**

**دەستی چێوییە)**

**هەموو نیگاکان ژاراوین**

**(بە هەر نیگایەکە و پەتایەکە)**

**هیچ پەیکەرێک نیشانەی دایکی پیوە نیە**

**(ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە)**

**کەس گوێ لە قسەی دڵ و هەستەکانی مرۆڤ کە زمانی سەردەمی منداڵی و ڕەهەندی خەیاڵییە، ناگرێ:**

**(کێ لە شاری تۆ لە شاری قاتڵی هەژار**

**گوێ دەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ).**

لەڕاستیدا شیعری سوارە ناتەبایی و دژایەتیی ئاشکرای نێوان ڕەهەندی خەیاڵی و هێماییمان پیشاندەدات. شار لەم شیعرەدا بە ئەویتربوونەکانی و ئاڵوودەییەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئاماژە بۆ مەوداکان و قۆناغی هێمایی دەکات، ئەو ڕەهەندەی مرۆڤەکان تێیدا ناچارن لەیەکترجیاببنەوە و ببنە خۆدێکی سەربەخۆ و دوور لەیەک. گوندیش بە سادەییەکانی و بە نەوازشتی تیشکی خۆر و تریفەی مانگ و ئاوی کانیاوەکانی کە لە مەمکەکانی دایک دەچن ڕەهەندی خەیاڵیمان وەبیر دێنێتەوە کە ڕەهەندی سادە و ساکاربوون و هاودڵی و یەکگرتوویی بوو، هەربۆیە ئەو شتەی وا لە شاعر دەکات، تاکو بیەوێ لە شار هەڵبێت ترس لە پارچەپارچەبوون و عیشق بۆ گەیشتنی دووبارە بە یەکگرتن و چێژەکانی سەرەتای ژیانە کە سەردەمانێک شاعیر لە باوەشی دایکیدا ئەزموونی کردووە.

**سەرچاوە:**

https://www.google.iq/url?sa=t&rct=j&q=&esrc=s&source=web&cd=2&cad=rja&uact=8&ved=0ahUKEwjAna6UrefPAhXHDpoKHd5HDHoQFggnMAE&url=http%3A%2F%2Flatefpour.blogfa.com%2Fpost-143.aspx&usg=AFQjCNEgQigQOKxK4q0wh3z463D6mQzLaQ

